# نۆستالیژیا له شیعری ( کوڕی خۆلەمێش)ی فەریدون سامان دا

**سەرهەنگ خامۆش**



هەندێ جار بە نۆستالیژیا بوونی شیعر ، شاعیر دەچێتە نێو حالەتێکی ڕۆمانسی کە پڕە لە بیرەوەری تاڵ و شیرین...لەم بوارەدا ڕابردوو دەبێتە باکگراوندێکی بەلگەنەویست و گەرانەوە بۆ دوێنی و تێکەل بوونی کارەکتەرەکانی ئەمڕۆی شاعیر کە دەچیتە نێو درامای شیعر و چەند وێنەیەکی ئیستاتیکی لە خۆدەگرێ و خوێنەریش لێ ی ڕادەمێنێ...

(کوڕی خۆلەمێش) شیعرێکی بونیات ئەندازەیی یە کە نوسەرەکەی فەریدون سامانی شاعیرە لەم دەقەدا وەك ئەندازیارێکی بیناسازی بەڵام ئەندێشە مەندانە بە خەیالێکی سەرشار پڕ لە عیرفانیەت بونیاتی ئەم دەقەی داڕشتووە کە بێ ئەوەی بیەوێ و مەبەستی بێ خوێنەر دەبێتە کارەکتەری سەرەکی نێو ڕووداوی وێنە شیعریەکان، لە ڕاستیشدا هێندە سانانی یە خۆینەر بتوانێ تەنها لەو دەقە شیعریەدا لە ئەزموونی چڕی شاعێر قول بێتەوە بە تایبەتیش دیوانی شیعری (پڕم لە عیشقی تۆ) ئەوسا دەتوانێ ڕەگەزەکانی داهێنانی شاعیرێتی فەرەیدون سامان بپشکنێ و خوێنەری جدی ئارکۆلیژستانە توخمەکانی ئیستاتیکی تەکنیکاری و زمانی هونەری و خەیاڵ و فەنتازیا و دواتریش ئەو فیگەرانەی کە فەرەیدون سامانی شاعیر لە دونیای میسۆلۆژیا واتە (ئەفسانەناسی ) و داستانە میللی  یەکان و تەنانەت کەلکی لە چیرۆکە ئاینی یەکان و پەندی پێشینانیش وەرگرتوە وەك لە بەرایی شیعرێکی دا دەڵێت – جامەکان زرینگانەوە کە ئاماژە بۆ ئەو پەندە کوردیە دەکات کە دەڵێ (جام دەڵێ بشکێم بەڵام نەزرینگێم)  کە بەڕای من جوانترین وێنەی شاعیر بوە کە ئیدانەی شەڕی کوردکوژی کردووە دواتر دەکرێ خوێنەر بۆ چامە درێژەکەی بگەڕێتەوە بە ناوی (تێرامان لە لاپەڕە 95 ) دا بەڵام لێرە دا مەبەستم ئەوەیە لە شیعری (کوڕی خۆلەمێش) بدوێم کە لە ژمارە(541) ی پێنج شە ممە 2007/6/28 لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نۆی بڵاو بۆوە ، بالەناونیشانی شیعرەکەوە دەستی پێ بکەین (کوڕی خۆلەمێش) کە بەڕاستی جێگای تەئەیول و تێڕامانە کە ئەویش سیمبولێکە ئاماژەیە بۆ ئەو باڵندە ئەفسانەیەی کە نێوی قەقنەسە کە دەسوتێو لە خۆڵەمێشەکەی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە. ڕۆحی شاعیریش لەودەقەدا لە نێو ئەو باڵندەیە بەرجەستە دەبێ و دەچێتە حاڵەتی دۆنایدۆنەوە کە لە شیعرەکە دا وەك قەقنەس دەسۆتی و سەرەنجام لە ئەزمونێکی ناکامی ئاشقانەی دا دواتر زیندوو دەبێتەوە ، ئەوەکێ یە بەم ناوەختە چاوەڕێیە دارستانی خەون بکاتە چەپکێ خۆلەمێش پەرداخێك زەردەخەنە لەسەر مێزی ڕەبەنی و تەنیایی بخواتەوە... شاعیر شیعرەکەی لە شەش کۆپلەی ئیستاتیکی فۆرمدا کە لە ناوەخندا ڕۆمانتیکیە پێك هاتووە... کە لە یەکەم کۆپلەی دادەڵێ:

کێ بوو/ پشتی کردە باخی بیرەوەرییەکان/ نەفرینی بۆ گوڵەکان نارد/ لە بەردەم بووکی بارانی/ عیشقی خودا ییمان/ تاجی دڕکنی لە سەر کرد/ چەتری شەرمەزاری هەلگرت،/

لێرەدا باخی بیرەوەریەکان ئەو بەهەشتە وون بووە یان زەوت کراوەیە کە شاعیر بەلەدەست دانی خۆشەویستیەکەی دووچاری جۆرێك لە نامۆبوون و حاڵەتی (نۆستالیژی) دەبێتەوە هێزیکی دەرەکی دێ و نەفرین بۆ گوڵەکان ڕەوانە دەکا ئەهریمەن ئاسا لە بەردەم ئەو عەشقە خودایی یە کە لە دۆخێکی سۆفیگەرانە بوکی باران کە سیمبولی بەخشندەیی و ئەوپەڕی قوربانی ئاسمانە بۆسەر زەوی کە چی سەرەنجام شاعیر (عاشقەکە) عیسا ئاسا لە خاچ دەدرێ و تاجی دڕکن لەسەردەکا بەڵام چەتری شەرمەزاری بۆ ئەهریمەن دەمێنێتەوە ... ئەگەرچی کەشی نوسین و حاڵەتەکانی ڕۆحی شاعیر لەگەڵ ئەو شیعرەی ئەحمەد شاملو کە بە ناوی ( مردنی ناسری) زۆر لێك جیاوازن بەڵام من پێم وایە ناراستەوخۆ ئەم شیعرەی شاملو لە ، نکۆنەستی فەرەیدون سامانی شاعیردا کاریگەری هەبووە...

دواتر لە کۆپلەی دووەم دا دەڵێ:

گوناهی باران بوو / بێ شەرمانە تەڕی کردین / لە شیعرەکانی ڕووت کردینەوە /

شاعیر گلەیی یەکانی ڕووبەڕووی بارانیش دەکاتەوە کەلە حاڵەتی ئاوێتە بوون و ئاوێزان بوونی ڕۆحی لەگەل خۆشەویستەکەی دا مخابن بارانیش بەزەیی پێدا نایەتەوە کە بێ شەرمانە تەڕیان دەکا و ڕازو نهێنیەکانیان ئاشکرا دەکا ، وەلێ شاعیر لە شیعرەکانی ڕووت دەبێتەوە و دەستەو دامان بە خامۆشی دۆش دادەمێنێ...

فەرەیدون سامان لە گلەییەکانی بەردەوام دەبێ و لە کۆپلەی سێیەمی دا دەڵێ :

گوناهی باران بوو / ئاوێزانی ڕۆحی و جەستەی / لێ یاساغ کردین / عیشقی خودایی / لێ قاچاغ کردین ،

ئیدی بۆ دەبی ئەو بارانە پیرۆزە بەخشندەیە ئاویزانی ڕۆح و جەستەیان لێ یاساغ بکات و نەیەڵێ تاوێك لەو بەهەشتە وون بووەدا ئاوێتەی یەکتری بن وعەشقی خوداییان لێ قاچاغ بێ سەرەنجام لە خودی شاعیردا دەبێ باجی ڕەنجەڕۆیی و تەنهایی خۆی بداتەوە.

لە کۆپلەی چوارەم کە تەواوکەری کۆپلەکانی دووەم و سێ یەمە بەڵام گوڵە سپیەکانی دوێنێ حالەتە (نۆستالیژیەکەی) دووبارە دەبێتەوە گوڵە سپیەکانی باخچەی ژیانی هەڵدەوەرێن و پەڕەکانی یادگاری ڕەش هەڵدەگەڕێن و لەدوایی دا ڕوو لەمەعشوقەکەی دەکات وەك لە کۆپلەی پێنجەم دەڵی :

ئەوە کێیە / بەم ناوە ختە / چاوەڕێیە / سوارێکی ئەسپ دز بێ و / هەڵی بگرێ / تا ناو لەپی بەختەوەرییەکانی بخوێنێتەوە / چاوەڕێیە وەکو گەرداو / لە سەرپستی شەپۆلەکان / خەون بەپەڕینەوەی / ئەو دیوکەنارەکانی ئاسوودەیی ببینێ / چاوەڕێیە / فریشتەیەك بێ / لەوشەوە زەنگە / دەروازەکانی خۆرەتاوی بۆ بخاتە سەرپشت / چاوەڕێیە دارستانێك خەون / بکاتە چەپکێ خۆڵەمێشی / پەرداخێك زەردەخەنە / لە سەر مێزی ڕەبەنی و / تەنیایی خۆی بخواتەوە،/

لێرەدا شاعیر گلەیی یەکانی ڕووبەڕی خۆشەویسەکەی دەکاتەوە کە چۆن ئەو لە چاوەڕوانی سوارێکی ئەسپ دزە (شاسواری خەونێکی ناشایستە) کە بەختەوەری خۆی لە ناو لەپی ئەودا دەخوێنێتەوە بە ڵام نازانێ دواتر ئەم عیشقە نەفرینە دەبێتە گەرداوێك و لەسەرپشتی شەپۆلەکان وەك سەرابێك ئەودیو کەنارەکانی ئاسودەیی جێ دەهێڵێ...ئەو لەو وەهمەی خۆیدا واتێدەگا فریشتەیەك هەیە دەروازەکانی خۆشبەختی بۆ واڵا دەکات و خۆرەتاوی ئومێدی بەسەر دەبارێنێ بەڵام نازانێ خەمیش دارستانیك دەبێتە چەپکێ خۆڵەمیش هەر لە نێو ئەو خۆڵەمێشەش دا کە ڕۆحی سوتاوی عاشقە و عاشق زیندو دەبێتەوە...

لە کۆتایی شاعیر هیچی بە دەستنامێنێ و لە دوایەمین کۆیلەیدا ڕوو لە باران دەکا و دەڵێ :

بە باران بڵێ :/ سوپاس / لە عیشقی خودابیت / ڕووت کردینەوە /

سوپاس بارانی میهرەبانی و بەخشندەیی بکە کە هەڵبەت شاعیر بە خۆی دەڵێ لە عیشقی خودایی ڕووت بۆوەو بەتاقی تەنێ بەبەنێو بیابانەکانی سەرابدا هەنگاو دەنێ تەواو دەبێ...

سەرنجام بەڕای منی خوێنەر ئەم دەقە شیعریە کۆکتێلێکە پڕە لە (نۆستالیژیەت) کە لەوپەڕی ڕۆمانسیانەی کە عیرفانیەت و بونیاتێکی ئیستاتیکی بەهای لە خۆدا داپۆشیوە و یە کێکە لەو دەقە شیعریانەی کە دەمێکە بە دانانی شیعری نوێی کوردی دەبوایە ئیعتبار بۆ پیرۆزی شیعر بگەڕێنێتەوە...

Xamosh_s@homail.com